
عثمان عوزێری
کڵپەی دەروون
دووهەم

عثمان عوزیری

# کلپەی دەروون

سالی ٢٥٧٢ کوردی

سالی ١٩٦٠ زایینی

لە بلاوکراوەکانی ـ مکتبة النهضة ـ لەبەغدا

المكتبة المركزية العامة في السليمانية

چاپخانەی نەجاح ـ بەغدا

**وێنەی بەرگ**

بەدەست نەخشینی هونەرمەندی کورد ـ ماموستا بەدیع بابا جان ـ کیشراوە ...

**پێشکەش**

پێشکەشە بە پێشڕەوە

شۆڕشگێرەکەی کوردستانی

خۆشەویست

عوزێری

٩٦٠/٩/١٧



وینەی دانـەر

عثمان عوزێری

ستودیو رەفیق ـ سلیمانی

سوپاس بو کاك ـ هادی محمد کریم فەیلی ـ کە
سەر ناوی هەلبەستەکانی بەو شیوە ریکوپیکە بو
نووسـیم ٠

# پیشه کی

کوردستان .. ئەو ووشە شورشگیرە پیروزە بەنرخە .. ئەو ووشە بەرزە پرواتەو ماناو گرنگە .. ئەو ووشە شیرینە بەتامەی هەر کەسی بەرگوی‌ی کەوی گەلی شتی دیتە پیش‌چاوو بیر لە گەلی شت ئەکاتەوە :

شورشگیری‌و هـەولو خەباتی نەتەوەیەکی نەبەزو کارامـەو کولنـەدەری دیتە پیش‌چاو کە بی‌ترس سنگی خویان ئەنین بەگوللەوەو ئەجـەنگن دژی دوژمن‌و داگیرکـەرانی نیشتمانـە خوشـەویستە پیروزەکەیان ...

وە لە لایەکی کەوە .. دایکیکی بەسالا چووی پشت کوماوەی کەنەفتی جگەر سووتاوی دیتە پیش‌چاو ، کە هەر پەلەی وا بەدەست ژەندرمەیەکی بی ویژدانەوەو بی بەزەیی‌یانە سزاو ئازاری ئەدەن ، ئەویش بە دەروونیکی پر لە سوزو قورگیکی پر گریانو بە چاویکی پر فرمیسکەوە ئاوور لە کورپە نەبەردە ئالیکارە کولنـەدەرەکانی ئەداتەوەو پی‌یان ئەلیت :

رولەکانم مەترسن ، گوی مەدەنی‌و گیانو ژیاتتان لا خوشەویست نەبی‌و بەهەرزانی بزانن .. کول مـەدەن .. مەبـەزن .. خوتان بەخت‌کەن لە پیناوی رزگارکردنی ئەم دایکە ئەشکەنجە چەشتوو و سزا دیدەتانا .. لە ری‌ی ئازادی‌و بەختیاری خوتانو دایکتانا .. لە پیناوی دەرکردنی دوژمنانی خوینەخوری چاوبرسی لە مالەکەتانا کە باوباپیرتان بە شەوو روژ یاساولی بوونو پاریزگاریان کردوە .. کورپەکانم .. مردنی بە شەرەف گەلی لە ژیانی سەرشوری‌و ژیر دەستی خوشترە ....

وە لە لایەکی کەشەوە بەبیستنی ووشەی کوردستانی خوشەویست •• زورداریو بیویژدانیو ناپیاوی داگیرکەرانو زوردارانت دیتە پیش‌چاو ، ـ ئەوە شارە بوردومانی ئەکەن •• ئەوە دییە ئەی سووتینن‌و تالانی ئەکەن •• ئەوە پیریژنو پیرەمیردو پیاوو ژنو کورو کچە بە پالە پەستو ریزیان ئەکەنو ئەیاندەنە بەر شیلکی مەترەلوزو رەشاش‌و تفەنگ •• ئەوە منالی ساوای سەر بیشکە یان یەکدوو سالانەیە بەدەم نیزەو سونی ژەندرمە تاوانکارەکانەوە بەحەواوە پەلە قاژی ئەکاتو هیشتا هیلی زەردەخـەنەو شنانەوە لەسـەر لیوی نەسرراوەتەوە ••-لاشـە لەناو لیشاوو لافاوی خوینـا ئەتلیتەوەو هەندیکیان سەرخوین کەوتوون •• ئەوە خەباتکەرانە لـە زیندانو بەندیخانەو ژووری تاریکو نوتەکا لـەژیر قامچیو سزاو دارکاریدا ئەیان کوژن ••

ئنجا کوردستانیك جگە لـە بەش بەش کراوی ئـەوە ژینو دەرامەتی بی ، بی‌گومان کوڕپەکانی بە خوێنی نەبەزین‌و شۆڕشگێڕیو تۆلە گۆش ئەکاتو پالیان‌پیوەئەنی بۆ خۆ بەخت‌کردن ••

وە بۆیە هاوارو بانگی جگەرگوشەو دڵسۆزەکانی کوردستانو پارتە پێشرەوە نەبەزەکەی ـ پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئەوەیە کە هەموو رۆڵەکانی کورد لە ژیر ئالای خەباتو بزووتنەوەی رزگاری نەتەوەکەیانا ـ کوردایەتی ـ کۆببنەوەو خەبات بکەن لـە پێناوی رزگاری کوردو کوردستانا •••••

ینی دووهەم/١٩٦٠

# بەستەی هەمیشەم

ئـەی کوردستان نیشتمانم
مایـەی ئایـینو ژیـانم
هیـزو تـەواناو گیـانم

ئەتپەرستم تاکـو مـردن
ئەی بیبیلەکەی چاوی من

تاکو ئەکەومە گیانە لـلا
گیان لەلەش ئەبێ بەرەڵلا
مەرجـە ئەوکاتەش لەخۆڵا

ئەتپەرستم ئەی کوردستان
ئەی تاقە ئەستێرەی کوردان

ئەلێم هـەتا ئەبم بـە تۆز
ئەی کوردستان قیبلەی پیرۆز
بوویشم بە خۆڵی ووردو بۆز

چاوی دوژمنت کوێر ئەکەم
بـەتۆزە بۆزە بۆرەکـەم

سلیمانی ـ ١٩٥٩/٢/١٦

# نامرن

**لەسەر زاری یەکێ لەو پاڵەوانانە ووتراوە کە لە دوا تەقەی شورشی مەهابادی پیرۆزا بەشدار بووە ، هەر لە یەکەم ڕوژی‌یەوە هەتا کۆتایی کۆماری دیموکراتی کوردستان و ژیانی پێشەوای کورد (( قازی محمد ))و پەرژو بڵاوەی شۆڕشگێڕانی کورد لەو پارچە پیرۆزەی کوردستانی گەورەدا ..**

**ئەو هەڤاڵەش بەدڵێکی پڕ لە سوو سۆزەوە باسی هەڵویستێك لەو هەڵوێستانە ئەکات کە لەبیری ناچێتەوە ...**

ڕۆژانی کۆتایی جەنگە
ئێوارەیە ڕۆژ ، درەنگە
منیش لەکاتی شەڕا بوو
کاتی جەنگینو هەرا بوو

کاوەی هاوڕێم لێ بزر بوو !
ڕەشەڕاهات ، بۆ کوێوە چوو ؟!
نازانم کوا ، چی بەسەر هات ؟
کوژرا یاخود لە جەنگ هەڵهات ؟

برواش ناکەم کەوا هەڵبێ
یانْ ئەوەندە لەش تەمەڵ بێ
برینداربێو بۆی کەوتبێ ،
ئەشترسم زامەکەی زۆربێ



ئەتوانی لە سەنگەر هەڵسێ
خۆی بۆزامەکەی خستبێ !

سەرم لە سەنگەر هەڵبڕی
ڕوانیم کاوەم نەکردە دیی

چاوم بڕی‌یە ئا ئەو جێگا
کەوا کاوە ئەجەنگی تیا

سەیرم کرد وا بەرووی جەنگا
لەو سەنگەرەی لێی ئەجەنگا

لاشەیەك سەرەو ژێر بووە
کوژراوە گیانی دەرچووە
فرمیسك لەچاوما قەتیس‌ما
سەرم گێژو واقم وڕما ..

لەپڕ دامە پرمەی گریان
زانیم کوژراوە کاوە گیان
بە هەناسەی قەقنەسەوە
بە نزوولەی بی کەسەوە

ئەم‌ووت بمرن گشت‌زۆرداران
نەمێنێ تاقیان لە جیهان

بمرێ زوری داگیرکەران
لەسەر میللەتانو گەلان
وا ئەم کارەساتە ئەکات
مرۆی بەنرخ لەناو ئەبات

* * *

توبلێی ئەمانە وەها
لەپێناوی کوردستانا ..

کە بەشانازی فیدا بوون
بەفیڕۆ بڕۆن لەناو چن ؟

دەروونم لێم هاتە وەلام
وەلامێکی یەجگار بەسام :

نەخێر هیچ کاتی نامرن
شەهیدن بۆشیی دل ئەگرن

هەرچەنە بێ گیان کەوتبن
بەبارووتو گوللەی دوژمن
لاشەیان هەلا هەلا بی
بەدووکەل رەش داگیرسابی

هەر زیندوونو لەبیر ناچن
ماوون هیچ کاتی نامرن

* * *

ئەی دایکانی رۆلە کوژراو
دلقرچاوانی جەرگ سووتاو
بزانن رۆلەی شەهیدتان
پێشمەرگەکانی کوردستان
کەماوەی ژینیان تێکۆشان
بێترس لەژین ، بەبێ کۆلدان

قەت نامرنو هەر ماون
قارەمانن لەبەرچاون



ئەو لاشەیان کە کەوتووە
لەرێی گەلا بەخت بووە

لەسەرخاك بێنازی ئێوە
بەشانازی بەئەو شێوە !

پردی رێگای سەرکەوتن
هێوی باوەر بەهیز کردن
باوەری نیشتمان پەروەری
بێترسان لەدەردی سەری
کەواتە ، فرمیسك مەرێژن
شادی دەرووتان مەنێژن
شانازی کەن کە کۆرپەتان
بۆنیشتماتان پێگەیان

ئێستاش بەختی ئەورێگایەن
بۆ کورد سامانو سەرمایەن

* * *

خوشکەکانم .. دایکەکانم
دلسۆزانی کوردستانم

ئێوەن بەنرخ ترین مرۆ
بۆنیشتمان هەتا ئەمرۆ

کەوا دلسۆزترین کەسن
ئەی دایکانی بەرزی مەزن

بەشیرو باوەشی پیرۆز
بەلای لایەو بەرەحمو سۆز

پێتان گەیان قارەمانان
پێشمەرگەو خۆفیدا کاران

بۆ ووشەی جوانی « رزگاری »
بۆسەربەستی‌و فیداکاری

وەکو ئەمڕۆ کە ئەیبینین
بەرەو رووی دوژمنان ئەچین

هەموو کۆرپەی دایکمانین
پێشمەرگەی ڕێی کوردستانین

***

ئێوەش شەهیدن نەمردوون
کەواتە توخوا تیر بنوون

لەباوەشی کوردستانا
کوردستانی دایکمانا

ئەو کوردستانەی کە تیکرا
هەمووتان وەکو یەك برا

خۆتان لە پیناویا دانا
هەرگیز زیندوون هەتا هەتا

هەرچەن لەخاکا دەردەسن
ئێستاش پشتیوان و کەسن

بۆرزگاری ئەم وولاتە
کە گیانی ئێوەی خەلاتە

سلیمانی — ١/١٠/١٩٥٩



# ئۆخەی نیشتمان

**لەرۆژی ١٩٥٧/٩/٢ دا بەسەردان هاتمەوە بۆ سلێمانی .. کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوم بەکوردستانی خۆشەویست نەکەوتبوو ، لە شادیا ئەم هەڵبەستەم دانا ، بۆدەربرینی هەستی بە کوڵم ، کەتاسەی دووری‌یەکەمی پی بشکێ ...**

ئۆخەی نیشتمان هێزی دەروونم
بیلەی چاوو گڵارەی روونم
ئەمجاش نەمردم تۆم بینی‌یەوە
نەما ئاهەکەی دوورو مەفتوونم

ئیتر بیشمرم خۆشیم ئەگاتی
کە شاد بووم بەتۆ زیاتر لە ساتی
ئەگەر مردیشم خاکی پیرۆزت
وام دائەپوشی خەمم نەگاتی

بەلام هێشتاکو تاسەم نەشکاوە
باجاری مردن بخەینە لاوە
بینە سەر باسی شادی‌و پیکەنین
من لەخۆشی تۆ هێزم براوە

ئەوا ئەمجارەش پیت شاد بوومەوە
هەوات هاتو چوو لە گەروومەوە
هیچ نەما یادی دووریو خەمباری
کە خاکی جوانتم نا بەرووومەوە

دەورەیان داوم درەختو دەوەن
چنارو چیاو دارو دارەبەن
یەتەوەیادم سەدەکانی کۆن
کە بۆ ئەژدادمان بوو بوویتە مەلبەن

ئیسقانو گۆشتیان لیرە کەوتووە
بەخوینی ئەوان گول پشکوتووە
بووە بە گولی جوانی سەربەستی
کەبۆ ئیمەیان بەجی هیشتووە

ئیمەش تیکرایی هەموو هەول ئەدەین
ئەو گولە بگرین بۆنیکی بکەین
تابە تیکرایی ببووژینەوە
ئاواتی گەلمان بۆجیهان دەرخەین

چالەبەرئەوە لەتۆ دوور نازین
گەر بەندیشمان کەن بۆلات دەربازین
تادوا هەناسە تو ئەپەرستین
بە هەموو جۆرە شوینیکت رازین



ئەگەر دووریش بی هەر قیبلەمانی
ئاواتو خۆشیو شادی دلمانی
سکالات ئەکەین هەر لەدوورەوە
تاکو ئەتگەینی بەشادمانی

ئنجا وەك دایبك باوەشمان پیاکە
ئیمەش رۆلەتین لە سەر ئەم خاکە
تۆش دایکی راستی دیرزەمانمانی
روح لە پیناوتا نەمینی چاکە

هەموو پیش مەرگەی نیوسەعاتی تۆین
بەرەو دوژمنت بەهەلمەت ئەروین
هەتا ئەگەینە ئامانجو ئاوات
ئەوکاتەش هەموو بوت ئەلقە لەگوین

سلیمانی — ١٩٥٧/٩/٢

# یادی کیژۆڵەیەک



لەسـەر زاری کیژێك وتراوە ، کـە جەوری کونـەپەرستی لـەچوار دیوارا بەندی کردووە ، لە سەر ئەوەشـەوە ، خوشەویستەکەی لـە بەندیخانەدایە، وە ماوەی ئەوەی نی‌یە کە بی‌بینی یان سەری لی‌بدا ..

(( شەو زور درەنگە بـەلام ئـەو هەرچـەن لـەجی‌ی نووسـتنابی‌و بیەوی‌بخەوی،بەخەویش توسقالی خەو نابینی . ))

گیانـە وا کاتی دوای نیوە شـەوە
هەموو کەس ئیستا فرمانیان خـەوە



منیش کەوتووم لەسەرجێی نووستن
کەوتوومـە دەریای خـەیالی بێ‌بن

سەیری چواردەورم ئەکـەم دیوارە
لەجێی ئەستێرەی ئاسـمانم دارە
داری بنمیچی ئـەو ژوورەی کـەوا
تیـایا ئـەچیـژم . ئازارو سـزا

ئیستاش لـەدووریت دلم ناسرەوی
خـەو بەتوسقالیش لەچاو ناکـەوی

پیشەی هەمیشەی چاوانم هـەردوو
یەنیتـە یادم روژانی پیشـوو

تارمایی شیوەی تو ئـەدا بـەدل
دلیش کـە بوتە یەك‌پارچـە سکل

گر بـەر ئەداتە هـەناوو جـەرگم
ئازارو یادت ئـەبیتـە بـەرگم

ئەو بەرگەی کەوا داییم ئەیپوشم
یان ئـەو ئازارەی گشت‌کات ئەینوشم

بـەیادی تووە ، یـادی رابوردوو
هەرشوینی تووش‌بم خیرا لەپەو روو

خومی لی ئەخـەم بەوینەی مردوو
تامی یـەکجاری کاتـەکانی زوو

ئـەدات لـە دلم ئـەم ژینیتەوە
لـەو هەلوستانـەم بیر یەنیتـەوە

ئەو هەلویستانەی کـە بوتە میژووم
بوەتـە یادی ژینی لەدەست چووم

هەتاکو مردن من هـەر پەیی مەستم
هـەر ویلی یادم ، بی‌هوش‌و هەستم

شیوەی تو وینـەی گلینەی چاوم
پیویستی ژینمـە ، جەرگـو هەناوم

هەرکـە تو وون بوویت من وا بەربادم
هـەمیشە نوقمی دەریای پر یادم

سلیمانی — ١٩٥٨/٩/١٥



# پەیمانی درۆ

ئەوەندە چاوەروانم کـرد
دلم لـەتاوا لەخوی بورد

ئاوی چاوو ئەژنوم داهات
واقی وورم گیژم ئـەکات

هەمیشە رووی نازەنینت
نیگاری جوانو شـیرینت

وان لەبەرچاوم هەموو سات
چاوی گەشت سەیرم ئەکات

تەقەیەك بی توند یا کەمی
دلم لـەپر را ئەچـەنی !

یان هەرکەس لەدەرگاوە بی
من بوی هەلئەسمە سەر پی

وا ئـەزانم توی نەشـمیلی
توی ئاواتی دلـەی دیلی

کـە دیتەپیش تونیت ، گیانم
ئەچیتـە یانەی پەیمـانم

ئەلی کوانی ، بو دیار نی‌یە ؟
من بـە تەنیام چارم چی‌یە ؟

پەیمان ئـەلی ووتی بەمن
گەر بیتە ریم کوسپو مردن

ئەم کاتە یـەم دوا ناکـەوم
چونکە بەبی تو ناسرەوم

کەچی پەیمانی درو بوو
نەهات ئەوا کات بەسەر چوو

سلیمانی – ١٤/٢/١٩٥٩

**مەشخەلی ئازادی لـە ئاسوی بولنـدی کوردەوە**
**بەخوینی شەهیدانی کورد بلیسەی بەرز کردەوە**



# پر بە دل

کوردستـانی شـیرینم
ببیلـەکـەی بینینـم
ئاواتی تا دوا تینـم
تاکو لەسـەر زەمینـم

ئەتپەرستم پر بـە دل
پـەرستنیکی بـەکـول

توی گلینـەی چـاوانم
گیانم ، روحی رەوانم
تا کـوتایی ژیـانم
قوچـم بو تو قوربانم

ئەتپـەرستم پر بە دل
پەرستنیکی بـە کـول

هەموو کوردیکی دلسوز
بەختە لـەریتا بەسـوز
ئـەی نیشتمانی پیروز
مەلبەندی تاقانـەی هوز

ئەتپەرستم پر بـە دل
پەرستنیکی بـە کـول

کوردستان سەربازی توم
بەرەو دوژمنت ئەروم
گەر نەخوم لە ژینی خوم
هەر بەختو تەرخانی توم

ئەتپەرستم پر بە دل
پەرستنیکی بە کول

سلیمانی — ١٩٥٩/٣/٨

**دلەی زامداری کویلەی کوستکەوتووم یادی تو ئەکات**
**بو خوشەویستیت ، بو رازی دەروون قولپ هەلئەدات**
**لە سەر پەرەی دل خوای خوشەویستی نووسی ((ئەی شیرین))**
**ناوی پیروزت هەتاکو مردن ژینم سەر ئەخات**



# بەستەی هەستم

...اوەیەکە بیروهوشم لانەماوە
دلو دەروون لەتاو دووریت حەپەساوە
...ەر گیش شیوەی توی فریشتەی تیا کیشراوە

ئەی ژیانو تاقەهیواو دوا مەبەستم
گەر دووریش بی هەر ئەمەیە بەستەی هەستم
کە بانگ ئەکات ، ئەتپەرستم •• ئەتپەرستم

سلیمانی — ١٩٥٩/٢/١٣

# هێزی جووتیار

ئیمه‌ چینی جووتیارین
دژی زولم‌و زوردارین
ئاوه‌لی کریکارین

خه‌بات ئه‌که‌ین ناسره‌وین
تا ده‌ست که‌وتی ماف‌و ژین

هه‌موو ئازاد په‌روه‌رین
وه‌کو پشکوو ئاگرین
هیزیکی قه‌ت نه‌مرین

بو ئازادی نیشتمان
به‌ختین سه‌راپا گشتمان

به‌ره‌و کوشکی زورداران
مل ئه‌نیین به‌هه‌زاران
تا ته‌خت‌ئه‌بی وه‌ك جاران

جا جووتیارو کریکار
رزگار ئه‌بن له‌ زوردار

ئه‌روین به‌ره‌و رووی مه‌به‌ست
هه‌موو ده‌ست ئه‌ده‌ینه‌ ده‌ست
بو وولاتیکی سه‌ربه‌ست

تاکو هه‌موو وه‌ك یه‌ك چین
به‌ به‌ختیارانه‌ ئه‌ژین



دوژمنی خوای شه‌رانین
هه‌موو ئاشتی خوازانین
به‌ختی ری‌ی نیشتمانین
ژین به‌ئاشتی سه‌رئه‌به‌ین
خومانی بو به‌خت‌ئه‌که‌ین

په‌ژرینی ئه‌م وولاته‌ین
ئه‌یپاریزین هه‌تا هه‌ین
کوردستانمان پیش ئه‌خه‌ین
ئه‌و ئه‌بی به‌جی‌ی بروا
گه‌ل له‌پیناویا ئه‌روا

سلیمانی — ١٩٥٩/٤/٣

# وەکو من بە

جوانی خوین شـیرینی شوخی دەم بەپیکەنین
تاقـە ئاواتە کـەم خونچەی هیوای باخی ژین

پرچی جوانی خورماییتو چـاوە کالـەکەت
رەنگ بەفرو خوین ، شیوە شیرین ، لیوە ئالەکەت

دیلیان کردووم ، پەکیان خستووم ، هیزلیبراو خوم
هەتا ئەمرم هـەر چاوەریی رەحـمو لوتفی توم

توش کە بوویتە ئەوپە یکەرەی گشت هیزوهەستم
بلی شـیرین هـەتا مردن تو ئەپەرسـتم

هەقی وایە توش وەکو من روو لە وەفا بی
ئەگەر تووشـی هـەزارەها دەردوجـەفا بی

سلیماني ـ ١٩٥٩/٧/١٨



# شۆڕشی کوردستان

گوی لـەو بانگەوازە بگرن بانگتان ئـەکا ئـەی گـەلی کورد
لـە ئیرانا ...
لـەی نەتەوەی کاوەی نەبـەز ، ئـەی رولـەکانی قازیی گورد
لـە ئیرانا ...
لـەی ئەو جگەر سووتاوانـەی خوینتان ریژا بیبـەراورد
لـە مەهابادی خوینینا گـەورەو پچووکتان لـە خوی بورد
لەپینـاوی سـەربەستیا هـەزاراتـان خوی فیـدا کـرد
سەریان دانا ...
پالیـان ئـەنـا بـەرەو رەوەی ژیانـەوە بوپیشـەوە
باکیـان نـەبوو لـەزنجیرو بـەئـەشکەنجـەو ئەندیشـەوە
لـەپینـاوی ئامـانجـەکـەی کـوردسـتانا بـەئیشـەوە
سەریان دانا ...
پیویسـتە ئیمـەش بـەریگـای ئـەوانا بـروین تامـردن
بو پاراسـتنی بەختبین بـەخوینو سـامـان لـە دوژمن
ویان چییـە گـەر رایبویرین بـەزەلیلیو سەرشورکردن
لە جیهانا ؟؟..

موخابنە بتوینەوە بو بەرژەوەندی خەلکی تـ
هەول نەدەین بو کوردستان بەدەروونیکی وەك ئاگر
ئەگەر دلسوز نەبین بو کورد حەیفە بژین ئیمە ئیتر
لە جیهانا ...

* * *

گویت لە ئاوازی دەرونی کوردستانی دایکمانە
ئەنالینی ؟..
گویت لەو بانگەوازەیەتی ، چەن بەسوزو پرگریانە
پیمان ئەلی ...

( ئەی رولەکانم یەك گرن تیبکوشن سەراپا گشت
وەکو قەلایەکی پولا بو من‌و خوتان بنەپشت
چونکە ئیستاش هەناوە پارچە پارچەکەم کە خوینی رشت
ئەی دەلینی ... )

ئەی کوردینە موخابنە ئەو زامانە تیمار نەکەین
شوورەیی‌یە ، دەردەکانی دایکی دیرینمان چارنەکەین
تەماشاکەن زامەکانی چەن ناسورە بو واپکەین
هەر بمینی ؟...



لەبێ ئاواتی دوا روژی ئیمەی کوردی دل پر بروا
یەك گرتنەوەی کوردستان بکەین بەبەرزترین هیوا
بوی تیکوشین بەتیکرایی .. بەبروایەکی وەك پولا
هەربمینی ...

سلیمانی ١٩٥٩/٤/٢

**نەوروز بلیسەو مەشخەل‌و هەستە**
**جەژنە ، باوەرە ، بەستەو مەبەستە**
**ژیلەیە ، گرە ، پشکویە ، تینە**
**خوشی‌و شادی‌یە ، هیوایە ، ژینە**
**بویە گەلی کورد بە ئاواتەوە**
**گشت سالی یادی نوی ئەکاتەوە**

**١٩ ــ مارت ــ ١٩٦٠**

# سوین ئەخوم

گیانە وا شیت بووم لە دووری چاوت
بو شیوەی شیرین بالای لاولاوت
سالو نیویکە من لە تو دوورم
هیشتا نەمدیوە شیوەو سەلاوت
ئیستا پەریشان بو زەردەخەنەت
بو پیکەنینو ووتەی شەکراوت
دیتەوە بیرم روژانی پیشوو
یەجگار ئەو روژەی کەوتمە داوت
شادیم نەماوە وەکو دیوانە
تەلیلە ئەکەم بە ووشەی ناوت
روژی هەزارجار دل دائەخورپی
یەتەوە یادم دلەی جیماوت
هەمیشە رەنگ زەرد شیواوو نەخوش
جەرگم لەت لەتە بو رووی ژاکاوت
هەموو ئەندامم تواوەو بیهوش
چەشنی فرمیسکی وەك باراناوت
زووخاو لە دەمم بەرئەبیتەوە
ئەکیشی نەخشەی شیوەی شیواوت



تاکو مردن تو قیبلەگامی
دلم نویژ ئەکات بو دلەی پاراوت
پاراو بەخوینی خوشەویستیمان
شایەتە گونای سوور هەلگەراوت
سوین ئەخوم بەخوا بەدیدەکانت
بەقرچەو سوزی جەرگی سووتاوت
هەتا ئەوکاتەی سەر ئەنیمە گور
هاوریی گیانیمە دلەی رەنجاوت

بەغدا — ١٩٥٧/٨/٢١

# یادی یەکی ئایار

ئـەی چینی چـەکوش بەدەستان ، ئیوە هیزیکی نەمرن
ئیوەن لـەناو میللـەتانا بلیسەو گـری ئاگـرن
بو پیش‌خستن‌و یەك‌خستن و سەربەستی گەل‌و نیشتمان
ئیوەن بنچینەی ئەوبیرە ، کەواتـە هەموو یـەك گرن

* * *

ئیوەن کـەوا هەرپیشرەوی هەموو چینەکانی گەلن
بـەرەی دژی سامانداری‌و جەنگ پەرستانی چـەپەلن
خەبات ئەکەن بەبی ووچان بوئازادی‌و بو رزگاری
تی‌ئەکوشن راناوەستن لەسـەرپی‌و ئامرازی هەلن

* * *

ئەمروش کـە یەکی ئایارە ، جـەژنی گشت کریکارانە
یادی سالی ــ هەشتاو شەش ــ و مەرگی گشت برادەرانە
یادی تی‌کوشانی سەخت‌و نەبـەزین‌و کول نـەدانە
یادی داوای ماف‌کـردن و دژی سـەرمایـە دارانـە

* * *

یادی مەرگی هاوری (جورج‌و ئوگست‌و ئودلسف فیشەرە)
یادی هاوری ( یاسننز )و روژی زولم‌و دەردی سـەرە
یادی خـەباتە لـە دژی ئـەوسەرمایـەدارە گـەرەی
کـە تائیستاش بوگـیرفانی میملی ئاژاوەو شـەرە



بەسـ . جـەژنی راستیتانە کەبەهیزی بازووی خوتان
یسپاتتان‌کرد خاوەن مافن تی‌ئەکوشن بەبی‌کولـدان
دەرتان‌خست بو هەموودنیا ، پیشرەوی گشت چینەکانن
لـەناو هەمووچینەکان‌و هەموو گـەلانی رووی‌جیهـان

* * *

کریکارانی نەبەزی کوردستانی قـەت کولنـەدەر
لەگەل چینی زەحمـەت‌کیش‌و جوتیـارانی کوردا تاسەر
ئەمسالیش وەك هەموو سالی ، ئەم‌جەژنە یاد ئەکـەنەوە
هەرگیز دوژمن بەرامبـەر سەرمایەداریتی‌و خوای شەر

بەغدا ــ ٢/٥/١٩٥٩

# تا دواهه‌ناسه‌م

چادی

ئه‌و لیوه‌ی که وه‌ك هه‌نگوینـــه     تامــی ژیانــی تیـــــایه
ئــه‌و کولمــه‌ی جیگای نگینه     ئامــرازی گیــانی تیــایه

ئــه‌و چاوانه‌ی کــه خوماره     پر ئیلهــامی یــه‌زدانی‌یــه
قیلــه‌ی کــومــه‌لی دلــداره     کانگای تــیری موژگانی‌یــه

ئــه‌ونیشانــه‌ی لارroomه‌تت     نیشانــه‌ی هیزی پــه‌یمــانه
زه‌رده‌خه‌نه‌ی سه‌ر رووی گه‌شت     ئــاواتی دلــی بوریــانــه

هــه‌لژینی هــه‌ناســه‌کــه‌ت     گیــــانم ئــه‌بووژینیتـــه‌وه
خــو ده‌ربرینی رازه‌کـــه‌ت     خـــــه‌مـــم ئـــه‌ره‌وینیته‌وه

ژیانم بی تــو لا ژه‌هــره     چونکــه توی هیزی ژیانم
هه‌رتوی بومن بوویته به‌هره     بو شیعرو ئاواتی گیــانم

شــه‌رته تاکــو دواهه‌ناســـه‌م     پــه‌رستنی تــو کــارم بی
تائه‌مینی جوولــه‌و تاســـه‌م     هه‌رگیـــانی تو به‌شـــدارم بی

به‌غدا ــ ١٣/٧/١٩٥٨







# هه‌ڤالگه‌م

صادی

هه‌ ... گیان ، ئا ئه‌م کوردستانه‌مان
ئه‌م خاکــه جوانه‌و نیشتمانه‌مان
ئیمــه‌ی تیکرایی گرتوتــه باوه‌ش
گوشی کردووین به‌خویناوی گه‌ش

بویــه واپشتاو پشتمان دلیرین
هه‌میشه ئیمه‌ی کورد شورشگیرین
نابــه‌زین ســه‌رمان دانانه‌وینین
کول ناده‌ین هه‌تا مافمان ئه‌سنین

زنجیرو کوت‌و که‌لــه‌پچه‌ی دوژمن
هه‌لواسین ، لیدان ، برین‌و کوشتن
ریگای خــه‌باتمــان لی بزرناکات
ئه‌گــه‌ر ئاگــری دنیــا به‌رپاکات

وه‌ك گه‌لا ریزان هه‌موو هه‌لوه‌رین
قه‌ت‌ته‌رکی‌ناکه‌ین‌هه‌رکورد په‌روه‌رین
کول ناده‌ین له‌ری‌ی کوردا ناخه‌وین
دلنیاین که‌وا هــه‌ر سه‌ر ئه‌که‌وین
میژووی خویناوی ئه‌م کوردستانه
شایــه‌تی راستی تیکوشانمــانه

هەڤاڵ گیان ، تەنیا تو نیت بی نازبیت
لەجیی سوزی کورد پیت بلین تو چیت ؟

هەر تونیت کەوا لەتامی ژیان
لەخوشەویستی خاکی کوردستان

بەزور ـ نامویی ـ ت پی‌بکەن بەزور
لەبەری باخی خوت قەت هیچ نەخور !

تو خاوەنی ئەم خاکو خولە بی
توبی هەلگری ئا ئەم کولە بی

کە تی‌بکوشی بو رزگاری ئەو
هەولی بوبدەی بەروژو بەشەو

زورداریك دوژمن بەگیان و ژینت
زیادکەری داخو ئیش و برینت

وەك هەلو بیتە سەر نیشتمانت
هیرش بەریتە سەر هوی ژیانت

کوولەکەی روحت بەزوربشکینی
تاکو بەتەنیا ، هەر خوی بسینی

سامانو بەروبوومی هەل لووشی
لەخواردنیشا پەنجەی بررووشی



داخی دلی‌خوی بەکورد ئەریژی
بوی بلوی خوینی گشتمان ئەچیژی

ناهیلی تاقمان ووتە بییژی
بەزیندوویەتی گشتمان ئەنیژی

بەلام گەلی کورد بەکەس نافەوتی
بو رزگاریی خوی هیچ‌کات ناسرەوتی

دلنیایە هەر ئەبی سەرکەوی
هەتا دنیاش بی سەری نانەوی

* * *

ئەوکارە قەلبەی ئیمپریالیستان
لەمیژووی کوردا بوەتەداستان

درا بوون بە هوی پارچەپارچەیی
بو بەرژەوەندی ، بەبی بەزەیی

هەر لەتیان دایە دەست‌نوکەریکیان
نەتەوەی کوردیش دووربی لەژیان

ژیان هەر مانای زیندوویی نی‌یە
کە سەربەست نەژیت ژینت بو چی‌یە ؟

کەواتە ئەوە ئیسپاتە تەواو
ئەوپارچە پارچەی ئەیبینین بەچاو

دەستکردی دەستی داگیر کەرانە
کوردستان هەریەك پارچەیە گیانە

* * *

هەڤاڵ گیان ، ئەوەش بخەرە بەرچاو
لە بیگەیەنەرە ساواو پیرو لاو

گەلی کورد دوستی هەموو گەلانە
برای گەلانی ئاشتی خوازانە

دوژمنی تیکرا ئیمپریالیستە
دوستی گەلانی بیرسوشیالیستە

میژووی میللەتان شایەتی کوردە
کەپشتاو پشتی نەبەردو گوردە

هیچ کات بوچاکی کاری دوژمنان
بو ئیمپریالیست یان بو خوین مژان

کاری نەکردوەو دووربووە لەوە
بەلکو لەدژیان هەر بوپیشەوە

سنگی داوەتە بەرگوللەو شەستتیر
بوفەوتاندنیان بەراو بە تەگبیر

هەرگیزاو هەرگیز هەر تیکوشاوە
لەدژی دوژمن کولی نەداوە

میژووی گەلانی رووی ئەمجیهانە
شایەتی راستیی گەلە کەمانە

سلیمانی ــ ١٩٥٩/٨/٤



## شیرین

صادی

شیرین لەدووریت شادیم نەماوە
گیانو هوشو دل ڕاقیان وورماوە
چاویش لەریتەو هەرچاوەچاوە
بوبینینیکی شیوەی شیرینت
ئەوەن گریاوە ، گومی خویناوە

※ ※ ※

دل پەستو کەیلەو هوشی براوە
خویناوی گەشی ئیستا زووخاوە
دووریت ئاگری وا تیبەرداوە
کلوکوی دامرد ، وا بوو بەزووخال
هەروایش «ئەی شیرین» ئەکات لەلاوە

※ ※ ※

شیرین ، ژینی من بەتووە ماوە
ناوی تو لەگەل خوینمان تیکلاوە
لەناو ئیسقانو گیانا رواوە
بویە بەبی تو ژینم ستەمە
گیانم لەژیان وورەی بەرداوە

١٩٦٠/١/٣٠ ــ بەغدا

# روژیك ئەبی

کوردستانی کە یەك پارچە بورکانبی روو بەرووی دوژمن
داروبەردی خویناوی بی بەهی باوباپیری توو من

شاخو گردو دەشتەکانی رەنگی خوینیان بواردبی
لەجیاتی بارانی سروشت خوینی شەهیدیان خواردبی

کەلەری سەربەستی ئەوا رژینراوە بی سڵ کردن
بیترس لەژیانو گیانو بیترسان لەووشەی مردن

رەنگی سووری خوینینی گەش دروشمی تولەی کورد بی
لەهەڵمەتیا بەرەو دوژمن نەترس نەبەز چەشنی گورد بی

روژیك ئەبی لەپر هەڵچی ئەو لافاوی خوینە سوورە
شەپول بدات ، دوژمن دەرکات ، هەرەس بینی بەوسنوورە

.................................................. (1)

بەکویرایی ئیمپریالیست ئالای ئازادی هەڵبکا
چونکە گەلی کە ژیانی هەر خەبات بی قەت نامری

ئەبی روژیك بیباکانە چارەنووسی خوی وەرگری

سلیماني – ١٦/١١/١٩٥٩

(١) ئەو نیو بەیتە رەقابە قەدەغەی کردوە .





## بەرەو سەربەستی

**پیشکەشە بەو خوشکو برا پیشکەوتەییانەی دژی کونەپەرستی ئەجەنگن ..**

کور : خوشکو برا باتیکوشین
ئاوی ئازادی بنوشین
کونەپەرستان بفروشین
بەچاڵو گور
گشت بینە کور

* * *

...ور : وەرە خوشکم لەگەڵ خوشکان
باهەموومان شان بەینە شان
تیبکوشین بەدڵو گیان
بی جیاوازی
بە شانازی

* * *

... : برام ئیمەش ، گشت ئافرەتان
کەگشت هەولمانە بو بافتان
داییم ئەبینە پاڵ پشتتان
بەبی وەستان
ماوەی ژیان

کــور : کونەپەرستو گشت یاســای
ئەقلە بی فەرەکەی ئەوسای
گشت پی،ی،ئەلیینوا تو تاسای
ئیمــەی بــەتین
تو ئــەکــوژین

*** 

کــچ : ئیتــر پیــاوانو ئافرەتــان
شانبەشان تاکو دوازەمــان
خەبات ئەکەن خوشکوبران
بــو ئــازادی
روژی شــادی

*** 

کــور : بادەست بگرین بەسەربەستی
تیبکوشــین بــەبی سستی
بو فــەوتی کــونەپەرستی
بووینە یــەك چین
تی ئــەکــوشین

*** 

کــچ : تیئــەکــوشــینو نابــەزین
بەرەورووی ئازادی ئەچین
کچو کور وەکو یەك ئەژین
بــە تیــکرایي
بی، جیــــایی

٣/١٢/١٩٥٨ ــ سلیمانی



# جـووتیـــار

کاکی جووتیاری هەژاری بیدەســەلاتی چەوساوە
رەنجت کیشا ماوەی ژینت بەبی کولدان لەئەوساوە
ئەوەك ئیستا ، بەلکو ئــەوەتەوەی کەهەی لــەژیانا
یاخود ئەتوانین بلیین •• کە سەرت لەهیلکە جووقاوە
هەر کردەی توو بردەی زورداری چەپەلە بیبەزەیی
ویژدانی مردووی پیی نالی ، ئەم هەژارە پرووکاوە
لەمــە وەرزیکی رەبەقە بــە پیمەرەو پاچو گاسن
هەولئەداو هیلاك ئەبیو خوشی خوی خستوتە لاوە
ئەلیا هــەر هەولی گیرفانو بەرژەوەندی جــەنابیتی
ئیتر هــەقی نییە ئەگــەر مالو منــالت سووتاوە

*** 

زور ئازارو سزای وەهات چەشتو خستیتیە هەژاری
ئیستاشووری ئەو چەپوکەی کە ئاغا بەسەرتیا داوە
بەلام مژدەبی ئەمروکــە نورەی ژینی تازەو نویتە
ئەو زورداریو چەوسانەوەو بیگارە قورسەت نەماوە
ئەمرو ئازادو سەربەستیژیردەستەیهیچمروڤیك نیت
واش بزانە ژینی تازەت لــە تەمووزەوە نووسراوە •

چونکە ژینی کویلایەتی بەژنی راستی ناژمیری

هیچ کاتی هیچ کەس بەژینی راستی لە پینووس نەداوە

ئەوەی پیویست بی لەسەرت بانگی هەموو جووتیاران کە

لەم کاتە هەلەدا کەوا زوردارانی تیا تاساوە

لەگەل کاکی کریکارا تو داس و ئەو چەکوش بەدەست

ئیسپاتی کەن کارکەرانی کوردیش هیچ کات نەوەستاوە

بەلکو وەکو چینەکانی گەلانی رووی ئەم جیهانە

بو رزگاری بەهەزاران قوچی قوربانیان داوە

سليماني ـ ١٩٥٩/٥/١٧





# کچە لادێیی

کچە لادییی شیرین تر لە مانگ
پەریت ناگاتی بەبرو وبرژانگ
پرچی دریژت بەوینەی رەشمار
بەسەر ناوشاتتا هاتوەتەخوار
روومەتی ئالت وەکوو سوورە سیو
زەردەخەنەکەت نیشانەی لای لیو
ملوانکەی میخەك لەگەل مووررووی شین
گەلی جوانترن لە خشلی زیرین
بوویت بە قیبلەی لاوی دەروشار
چونکە جوانییەکەت خواکردەو بی کار
نەبەدەرمانو نەسوورو سپیاو
نەهەلگرتنی روو بەشریتو داو
واریکوپیکیت ، جوانی خواکردە
بوویت بە ئاسکی لە منراکردە
تووخوا ئەی جوان لەمن ویل مەبە
فیری رمبازیو مەکرو فیل مەبە
چونکە من ویلی جوانی خوا کردم
تووشی توهاتم .. هەناوت بردم
ئیستاش ئەم دەشتو کیوەم ئەگیری
باخچەی دەروونم بە سو ئەدیری

منیش هەتاکو تینم تیا هەبی
بە دواتا ویلم تا هیزم ئەبی

ئنجا کەواتە روویەکم تیکە
بە چاوی جوانت زامیکم لیکە

با نیشانەبی بو یادگاری
لەسەر سینەما بەوینەی دیاری

هەتاکو ئەمرم هەر بکولیتەوە
شیوەی جوانی توی پی بیربیتەوە

بەغدا — ١٩٥٧/٨/٩



# ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە

صاری

پیش کەشە بەو هەڤالە خەباتکەرانەی کە
لەکوردستانی ئیرانەوە هاتوون

هەڤالانی خوشەویستو هاونیشتمانانی بەریز
بیروباوەر پتەوانەی نەبەزانەی باوەر بەهیز
بەدلیکی پر لەسوزی زەلیلی گەلی کوردەوە
پیتان ئەلیم سەرچاو هاتن هەڤالانی شورش ئەنگیز

سەرچاو هاتن نەوەکانی قازی محمدو سمکو
رولەکانی مەهابادو شاری بانەو کیوی بەلو
کورپەکانی کوردستانی دابەش کراوی بەش خوراو
خەباتکەرانی کول نەدەر دلیرانی کونو ئەمرو

ئیمپریالیست بیچاوو روو گەیانینی یە ئەم ئەنجامە
نیشتمانی داگیرکردین ، دابەش کردین ، بەو مەرامە
نوکەرانی لەسەر وورگو نیشتمانی ئیمە بژین
ئیستاش وەکو پیشین ئەلین «ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە»

بەزەبری سونیو کوشتنو زنجیری ناو بەندیخانە
بەهیزی ئاغای گەورەیان ، بە هیرشی درندانە
بەلوولەی رەشاشو توپو ئوتوماتیکو تفەنگ
کوردستانیان کردوەتە بنکەی جەنگی بو بیگانە

تا لـــه توانایان ... ـەبی ، ئەیانـــەوی‌و هیوایانه
بەزورو بـــەپالـــه پەستوو بەخەلـــەتانو ئەفسانه
میللەتی کوردی خەباتکەر دەرپەرینن چونیان توانی
خاکی پیروزی کوردستان بکەن بەجی‌ی جبەخانه

بەلام گەلی کوردی بەجەرگ بەهاشەو هووشەی ناپاکان
دەرناپەری ، ئەو خەیالـــه سەرناگری بوهیچ کامیـــان
چونکه گەلی کوردی ئازا له خەوی سستی هەلساوه
دوژمنی وەك ناپاکانی چواردەی تەمووزه ئەنجامیان

چونکه ئـــەوه لەبەرچاوه لەکونەوه هـــەتا ئیستا
که رەورەوەی میژووی گەلان ئەرواو هیچ کاتی نەوەستا
رەورەوەی نەتەوەی کوردیش ناوەستی‌و قەت نەوەستاوه
هەر روژیك یەك لەپر بلین ــ ئەها نەتەوەی کورد هەستا

ئەوسنوورەی ئیمپریالیست نەخشەی کیشا هیچی نەما
ئەو قەلایەی کـــه لەدژی ئاشتی‌و ئازادی بوو ــ رما
دوژمنەکانی گەلی کورد کوژران ، توپین گشت راکیشران
ئیستا ، ئا ، ئەو کوردستانەی که نوقوم بوو لەسوو خەما

یەکی گرتووە ... پی‌ی ئەووتری کوردستانی مەزنی کورد
شادی‌و خوشی و بەختیاری بلاوه بو درشت‌و وورد
بەسەربەستی گەلی کوردی جەفا دیده ئەژی بوخوی
ئەمـــه بەرهەمی ئەوەیه کـــەوا لـــەژیانی خوی بورد

ئنجا ئەی هەڤالانی گشت ، پشتیوانی ئیمەی نەسرەو
ئا ئـــەو روژه لەپیش چاوه بومن‌و توی باوەر پتـــەو
کەمادەم هیچ توافەتمان نەبی من‌و توی کوردپەروەر
هەردوو لـــەپیناوی کوردا لیمان تالـــه ژیان‌و خـــەو



ئەوەشمان باش لی دیاری‌یه که ئەو سنوورەی کیشراوه
دەست‌کردی دەستی ناپاکی ویژدان نـــەماوو توپاوه
ئیمەش لەو هەرچوار کەرتەدا جیاوازیمان نی‌یه وەك یەك
دەروونو هـــەناوی گشتمان بـــەو ئاواتەوه سووتاوه

کەواته هیچ دلگیر مـــەبن ئیرەبی یان شوینیکی‌تر
هەرنیشتمانی هەمووانەو کوردستانی کوردی نەمر
بەتایبـــەتی شادی ئیمـــه ئەوەیـــه بەهاتنی ئیوه
که ئـــەو باوەرەی هەمانـــه زیاتر ئەبی وەکـــو ئاگر

سلیمانی ــ ٢٣/١.١/١٩٥٩

کوردینـــه بو چی پەرژو بـــلاون ؟
لـــه ناو خوتانا لـــه یـــەك براون ؟
یەك‌گرن هـــەموو ئـــەوا درەنگه
نوستوویی نـــەما وا کاتی جـــەنگه
بەرەو دوژمنتان بەهەلمەت راکـــەن
لەجیاتی دەرزی سوژنیان پیاکەن
تاکـــو بزانن کـــار بـــەزور نابی
دوا روژی زوردار ، ئەبی رسوابی

**٢١/ مارت نەوروز / ١٩٥٨**

بەبونەی نەوروزی ــ ٢٥٧٠وه

# ئەتپەرستم



ئەی کوتری ئاشتی ، ئەی لەنجە شیرین
ئـەی رەزا سووکی دەم بەپیکەنین
ئەی پەری جوانی ئاوات و هیوام
ئەی گلینەکەم ، ئەی هیزو توانام
بوتو ســووتاوو جـەرگم قرچاوە
بو بینینیکت هوشـم نـەمـاوە
بویـە هەمیشە وام بـەدواتـەوە
ئارامم نی‌یـەو تاس ئـەمباتەوە
چاوت تی‌ئـەبرم بـەدلی پرسـتو
وەك لـەجیهـانا بەتەنیـا هـەرتو
هەبیت و هیچ کەس نەبی لـە دنیا
کـەبی‌پەرسـتم یـان دایی‌من بـا
توش ئاگادارنیت کە چون سووتاوم
چون لـەت‌لـەت‌بووە جەرگو هەناوم
نیمـە دەسـەلات لـەئەوە زیاتر
کویلـەبیت بکەم لـەمـەولا ئیتر
ئاوت وەکو ویردبیتـە مـەبەستم
لـە یەزدان زیاتر تو بپەرسـتم



# نەورۆز

ئەمرو جـەژنە پیروزەکـەی کوردستانە
جـەژنی نەوەی کاوەی شـیرو قارەمانە
هەرچەن ئەبی هەموو رووخوش جەژن بکەین
بـەلام دلی زامـداری من پـەریشانە
جەرگـە بوکورد قرچاوەکـەم وا سووتاوە
ریگـام نادا بـەریایی و دروزنانـە
جەژنە پیروزەی سەربەستی ، لەترسی خەلك
لەکورد بکەم وەهای دەرخـەم ئەوقسانە
هەمووی راستەو جەژنەکەمان بەئارەزووی
دلو هـەوەسی دەروونی هـەموومـانە
چونکە گەربیینە سەرراستی ، میللەتی کورد
هـەتا ئیستا جـەژنی نەکردوە ، بزانە
جەژنی نەوروزی ئاگری بەکلپـەی دلو
سوزی دەروونی خـەلکی ئـەم‌نیشتمانە
نەکریتەوە تامی نی‌یە گـەر یەك دوودار
گـر تی‌بـەردەی وەکـو یاری منالانە

٢١ / مارت / ١٩٥٨

# دڵداری ڕاست

صاری

دلیك بەپشکوو گری دلداری باش باش نەبرژی
کلپەی دەروونو بلیسەی هەناو شەوقی نەکوژی
تەمەنی زوری ئـەو دلداری‌یە یەکدوو روژیکە
زەرووی دەم‌تیژی رووی بی‌وەفایی تامی ئەمژی

دلیّ بەچەقوّی دەردی مەینـەتی تویّ نەکریتەوە
بەخوینی دلدار ، بە ساجی جگەر سوور نەبیتەوە
مەیلو شـیرینی‌و تامی خوشیان هـەتا بەبنیکە
ئیتر لـەوەو لا بی دەردی سـەری بیر ئەچیتەوە

نزوولەی دلەی زامداری منیش پر بە سوزی گیاز
ئەوەیە ئەلی مەرجە هەتاکو دوا جوولـەی ژیان
خوم بی‌بەری کەم لەدلداری‌ی وا هیچ‌کات نەمەوی
گەر رایشی گرم دلی بوّ هاوکار ئـەبی بەپەیمان

لە خاوەنەکەی وەهای وەرگرم کـە بی برژینم
بەسـوزی دلو بەساجی جگەر هـەلی قرچینم
تاکـو ببیّتە نموونەی دلان لـەم ژیانـەدا
تولەی هـەزاران بیّ وەفای ژیان لەئەو بسینم

سلیمانی ـــ ۱۹۵۹/۳/۲۵



# زۆرت بیرئەکەم

صاری

سوین بی بەپرچی خورمایی جوانت
بەچـاوی گـەش‌و رووی نازەنینت
بەگونای سووری وەك ئەرخەوانت
بە خوشەویستی‌و شیوەی شیرینت

بەروژو بەشـەو هـەروای لەیادم
وای لەبـەر چاوم ، زورت بیرئـەکـەم
لەدووریت ، ئەوەن پەسـتو ناشادم
وەك کویلە بەرەو رووت کرنووش ئەبەم

بـەلام کـەی ئـەوە مانای وەفایە
کە هـەر نەت‌بینم ، شیتی بینین‌بم
بەگشت مـانایە دلدارکـەی وایـە
یەکیش نەبینین ، گیـانی شـیرینم ؟

سلیمانی ـــ ۱۹۵۹/۷/۳

# یادی نەوروز

ئەمرو رەنگی گەشی خوینین    بەری ئاسمانی گرتووە
گشت رووی کوردستانی شیرین    رەنگی ئالی لی‌نیشتووە

سەیری ئاسوی کوردستانی کەن    زەردو سپیو پەمەیی‌یە
سەیری دەشتو چیاکان کەن    رەنگ سەوزیکی قەرسیلی‌یە

ئەلی‌ی سروشت لە ئەزەلا    ئەم بەرگەی پی‌سپاردوە
یان بەرەنگی خوین هەروەها    رەنگی ئالی لی‌نیشتوە

ئەوەش هەمووی کلپەی خوینی    شەهیدانی کوردستانە
واتیشکی سووری بزوینی    لەسەر رووی ئەم نیشتمانە

بلاوەو پەخشان بوتەوە    بەسەر دولو دەشتو هەردا
ئازادی کو کردوتەوە    لەناو دلو هوشو سەردا

بەتایبەتیش ئەمرو جەژنە    جەژنی گشت کوردەواری‌یە
کوردستان بەهەمە چەشنە    رازاوەیەو بەختیاری‌یە

یادی نەمانی بەلایە    لەگەل روخانی بیدادی
یادی هەلکردنی ئالایە    بەسەربەستیو بەئازادی

---

(١) لەیەکەم روژی نەوروزا لە ئیستگەوە خویندمەوە .



شەهیدانیش بی‌بەش نابن    لەم جەژنە خوشە پیروزە
یان وەنەبی ، بی ئاگابن    کە ئەمرو جەژنی نەوروزە

ئەوەتانی ئا ئەو رەنگە    کە کوردستانی گوریوە
کە ئیستا پی‌ی شوخو شەنگە    وا بەوجورەی کەس نەیدیوە

ئەوە رەنگی خوینی سووری    تیکرا گشت پیش‌مەرگەکانە
بو ئاواتی ئیستاو دووری    خەلکی ، ئا ، ئەم کوردستانە

ناردوویانە بە جەژنانە    چونکە ئەوانیش هەر زیندوون
ئەوەش دروشمی بیریانە    کە لەپیناویا بەخت بوون

لەسەر رزگاری کوردستان    وەك شیر جەنگان تاکومردن
بەلام میژووی ژینی بەرزیان    هەرئەمینی و قەت نامرن

* * *

ئەم نەوروزە کە ئاگرەکەی    زیاتر ئەبی‌و ناکوژیتەوە
گشت سالی لەنوی یادەکەی    زامی کورد ئەکولینیتەوە

چونکە گەلی کوردی دلیر    بەیادیا دی کەوا کاوە
هەلمەتی چون برد وەکوشیر    ژیانی خوی خستەلاوە

گەلی چەوساوەی کومەل کرد    تی‌ی گەیاندن تاکەی کەوا ؟!
بەخیزانو درشتو وورد    بچیژن کویلەیی و سزا ؟!

تی‌ی گەیاندن کە نەهەژار    نەرەنجبەرو نەکریکار
نەپاشای قەلبی خوینەخوار    یا وەزیرو یاخود جوتیار

جیاوازیان نییە توزیك
هەموو مروڤن لە هوزیك

بوچی مروڤی بە بەها ؟
بروا لەریی ئەوا هەروا ؟

ئەویش نەك تەنها خوینخوربی
ئینسانیك بی زولمیزوربی

پیویستە گەل وەکو بورکان
دەستی کەوی ماف و بافتان

* * *

لەناو خودا وا ریك کەوتن
کاتی شورش بو سەرکەوتن

ئاگر بکاتەوە بویان
بزانن ئەوەیە نیشان

هیرش بەرن بەبی بەزین
دەست هەلنەگرن ، بەگیان وژین

جالەم روژە پیروزەدا
هیرشیان برد لەم روژەدا

کاوەی نەبەز ، ئەو پیشرەوە
ئەی ووت ئەی گەل بوپیشەوە

هەموو وەك یەك گیان لەبەرن
ی جیاوازی گشت بەشەرن

کە هەر وەك ئەویش بەشەر بی ؟
یان بوی تووشی دەردی سەربی ؟

بەلکو پیاو خوریك ، بی ویژدان
گەل بخاتە گەرووی نەمان

بتەقی و تاراجی تیك با
ئالای رزگاری هەلبکا

کە کاوەی نەبەردو نەبەز
بچیتە سەز شوینیکی بەرز

هەرکاتی شەوقیان بەدیی کرد
بەرەو کوشکی زوردار بەگرد

هەتا قەلای زور ئەرووخی
بکرن ، هەلبینن روژی نوی

کاوە ئاگری کردەوە
بەدرشتو بە ووردەوە

بەچەکوش لە بەریانەوە
دنیای گشت ئەلەرانەوە



هەموو گەیشتنە سەر ئەژدەهاك
کاوە خوی گەیاندە زووحاك

قیژانی بەسەریا وەك شیر
چەن لاوی نەبەردو دلیر

دوینی روژی تو بوو ئەمرو
بروانە گەلی دل پر سو

ئەمرو داخی دلیان هەموو
تازە ژینی تو بە سەر چوو

هیچ زورداریك لەدەستی گەل
گەل وەك تو بیکات لەتوپەل

ئەمەی ووت و چەکوشی دەستی
بژی ژیانی سەربەستی

بەچەکوشەکەی بەربوە سەری
پژانی میشکی بی فەری

گەلو مردن بو زورداران
زولم بباری وەك باران

هەتا تولەو مافی خومان
ئەگەر دامان ناوە ژیان

هیرشیان برد کوشکیان رووخان
یەخەی گرتو توند رای وەشان

ووتی : زورداری ناپەسەن
تو نەمامی ژینت هەلکەن ؟!

روژی گەلە ، پیسی ناپاك
چون دینە سەرکوشکی زوحاك ؟

بەتو ئەریژن هەی بیفەر
بەو جورە ژین نابەیتەسەر

رزگارنابیو هەر روژیك دی
روژی ئازادی لیهەلبی

لی هەلبری و هاواری کرد
بو میللەتانو گەلی کورد

ئەژدەهاکو بەگشتینی
دیسان بانگی کرد بەژینی

ئیمەی کورد نامرینو ئەژین
خەبات ئەکەین بەرگەی ئەگرین

ئەسەنینو سەرئەکەوین
قەت نابەزینو نانەوین

ئەمروش کەوا ، وا ، ئازادبووین ئەیکەین بەجەژنیکی پیروز
وابەرەو روژیکی نوی چووین ناوی ئەنیین جەژنی نەوروز

*** 

ئنجا ئیستا ئا ئەو یادە کەوا یادی ئازادی یە
جەژنیکە پر سوزو شادە جەژنی گشت نەوەی مادی یە

جەژنیکە هەتا هەتایە هەر ئەمینیو لەبیر ناچی
هەتاکو دنیا ، دنیایە کلپەی زیاد ئەکاو کەم نابی

جەژنیکە تیکەل بەگیانە تیکەل بەخوینو ئیسقانە
بزوینەری خەباتمانە هوی بەرزبوونەوەی ژیانە

جەژنیکە میللەت پیش خەرە مەشخەلە بوکوردستانمان
جەژنیکە بیرو باوەرە بورزگاری نیشتمانمان

لەبەر ئەوە هەموو سالی گەلی کورد بەپەروشەوە
گەورەو پچوك لەگشت مالی بەدلیکی زور خوشەوە
لەهەر چوارقورنەی کوردستان ئەیکەن بەجەژنی بەختیاری
گەش تر ئەبی گولی ژیان بەهیوای بەرەو رزگاری

*** 

نەوروز کەوا ئەو جەژنە بی کە کورد شانازە بەبوونی
یاخود ئەوروژە نوی یەبی کە قەت نی یە بەسەر چوونی
یان ئەوەبی کە گشت جاری گری خەبات زیاتر بکا
کورد پەروەری لی ببارێ باوەر فراوان تر بکا



ئەو ئاگرە ناکوژیتەوە گشت کوردستان ئەگریتەوە
بەهیچ کەس کز ناکریتەوە تابی بەرزتر ئەبیتەوە

کوردیش هەرگری خوش ئەکا بوئەوەی ئەم روژی نوی یە
یەکی بخات ، پیشی بخا چونکە دلی لەتو توی یە

بویە ئەلی هەتا مردن منی کورد هەر خەبات ئەکەم
ئامادەم بو لە خوبوردن تا نیشتمانم یەك ئەخەم

ئەم جەژنەش کە نیشانەمە لەژیانا جەژنی منە
ئاواتی ئەم ژیانەمە کویر کەری چاوی دوژمنە

بویە ئەلیم تادوای ژیان ئەی کوردی دل پر لە سووسوز
باژی جەژنی کوردستان جەژنی نەوروز ، جەژنی نەوروز

بەغدا — ١٧/٣/١٩٦٠

# ئێمەو ئەو

گیانە لـەتاوت شێتو شێواوم
بێ‌تینو تواناو هۆشو هـەناوم
لەتاوی دووریت جەرگم لەت لەتە
وەك نەتەوەی کورد دیلو داماوم

ئەو نیشتمانی بەش بەش کراوە
منیش جوانی تۆم لێ دوور خراوە
ئەو هـەوڵ ئەدا یـەك بگرێتەوە
منیش وەك ئـەوم بۆ خۆم داناوە

یەك بگرینەوە منو توی نازدار
قۆڵی لێ هەڵکەین بە جووتە بۆ کار
لەگـەڵ کاروانی کوردی قارەمان
ملی ڕێ بگرین تاکو جێ هـەوار

سلێمانی ـ ١٩٥٩/٣/٧



# هەر منو شیرین ؟!..

هیچ کەسی نەما ، کـەوا بەختیاری سـەری لێ نـەدا
دلخۆشی نەکا .. ژینی سەرنەخا لـەم جیهـانەدا

مەگەر ئەوانەی وەك من کلۆلن ، وەك من کەسـاسن
لـە دەریای خـەما نوقم بوو بێتن شـادی نەناسن

ئەگین بەختیاری بەریز دنیـای گرت کەسی هەڵنەبوارد
چووە لای گشت کـەس بەپێی توانا شـادی پێ‌سپارد

منو شیرینیش وەکو ئەم خەڵکە هەر چاوەڕوان بووین
بۆ پێشواز چوونی لێکمان ئەداوەو بۆی بێ‌ووچان بووین

کەچی کاتی هات ئیمەی هەڵبوارد بـەو گشت هیواوە
هەرچـەن بانگمـان کرد بگەرێرەوە نەگەڕا دواوە

ئەو بێ‌ویژدانـە منو شـیرینی وا بەجێ هێـلا
بێ‌کـەس لەدەشتی کاکی‌بـەکاکی بێ‌هیوای چۆلا

لـە جیاتی خۆشـی پەستیو ناخۆشـی بەخشـی بەئیمە
بێ ئەوەش ، یەکەی هەڵدا ینە جێیەك لـەم دەشتە دیمە

کەرکووك ـ ١٩٦٠/٦/١٥

# بەرەو رزگاری

**لەسەر زاری هەڤالی شەهیدی خەباتکەری کولنەدەر «ئەمین بانی» ووتراوە ، کە ژەندرمە تاوانکارە بی ویژدانەکانی تورکیا لە بەندیخانەدا لە ژێر سزادا کوشتیان ...**

لەژێر سزادا .. لەزینــدانی تەنگ
لەژووری تاری بی تروسکەو دەنگ

لەگـەل شریخەی قامچی لەســەر لەش
کــە دروست ئەکات هیلی شینو رەش

کــە برینــەکــان ئــەکولینیتــەوە
سوی نوی‌ی ســەر لەنوی تی‌یەنیتەوە

ئازارو ژانی ، وا ، تی ئــەزینی
لە دەروون کسپەو سو هەلئــەسینی

لەگــەل فەلاقــەو داخو هەلواسین
لەگــەل کاروانەی لیــدانی بــەتین

کە لەش کفت ئەبی‌و شین هەلئەگەری
بزمەتــەی کــۆنی لی‌هــەلئــەوەری

یان لەگــەل شیشی وەك پشکۆ سوورا
کە ئەچزێ بەســەر گۆشتی جەسوورا

قرچــە قرچ گۆشتی ســوور ئەبرژینێ
گۆشتو پیێستو موو گشت ئەسووتینێ .



یان کەلەش هەمووی خەلتانی خوینــە
دلیش شــکستەی قســەو جوینــە

ئارەزووی ژیــان لــەژین توراوە
روویش لاواز بووەو رەنگی براوە

لەگەل ئــەو هەموو ئیشو ئازارە
کە گیان لەژینی وا سەخت بیزارە

من هاوار ئەکــەم تا هیزم تیــایە
هاواریکی بــەرز پر بــەم دنیایە

ئەلیم «نابــەزین ، ســەر نانــەوینین
مافی بەند بوومان لەبەند دەردینین

بی باکــین وەك زی خوین ئــەرژینین
هــەتا ئازادی خومــان ئەسینین»

ئــەم لەشو لارە ئــەم ژینــە سەختە
کە خوی لــە میژا هەر قوچو بەختە

قوچی رزگاری کوردو کوردستان
کە زور زیاترن لــە گیانو ژیان

هانی کوردستان ، گیانو گشت لەشم
هانی ژیانم .. با پیت ببەخشــم

بابین بــە پرد .. بین بــە ریگا
بین بــە ریباز کوردی پیا بروا

رویشتنیك یەکســەر بی‌گــەرانــەوە
بــەبی لادانو ئاوور دانــەوە

کــەوا ببیتە رویینی یەکجــاری
رووەو ئازادی‌و بــەرەو رزگــاری

بەغدا — ١١/٦/١٩٦٠

# پەرێشانم

شیرین گیان ، ئیستا ، وا ، شەو درەنگە
شار کشوماتو بی وورتەو دەنگە

مەگەر یەکیکی وەك من دەردەدار
خوشیی بوویتە سزاو سوو ئازار

چاوی بەخەویش نەبینی خەوتن
لە تاوی دەردی ، تل با وەکو من

ئەگینا گیانە کەس نییە ئیستا
وەك من تا فەردا هەر تلاو تل کا

جا گیانە ، شیرین ، خویشم نازانم
بوچی بەو جورە وا پەریشانم

بەغدا ــ ١٩٦٠/٢/١



# مەینەتی دل

لەتاوی کاسوووری خوم قاچم نەبوو بوی دانیشتم
بەسەر سامیو پرسیارەوە ئەمووت بۆ هوش بەجیی هیشتم ؟!

جیی نەماوە یان بەند نابی لە دیواری ژینا خشتم ؟!
یان کردەوەی بەدکارأنە کەوا مەلی هیوای کوشتم ؟!

یان مەینەتی روژگارە شکانی بربرەی پشتم ؟!
نەك داخی خوی بەلکو داخی هەرچی دنیایە پیی رشتم !!

بەلام وا راستیم بو دەرکەوت کە ئەمانە هیچی نییە !!
هەر بیوەفایی شیرین بوو کە مردنی نایە مشتم

کەرکووك ــ ٩٦٠/٦/١٦

# هاوبەشی خەمتم

گیانە هاوبەشی خەفەتو خەمتم
هاوبەشی زاریو پەستیو ماتەمتم

چونکە هەناوو دڵو هوشی تو
ژیانی خوشی یان ناخوشی تو

هەمووی هی منە چونکە یەك لەشین
یەك دڵو گیانو یەك پارچەو بەشین

منو تو یەکین ، یەك لەشو ئەندام
رووبمان وا لە یەك ئاواتو ئەنجام

ئەمروکەش کەوا پرسەتە گیانە
بەدڵتا نەیەت یان وا مەزانە

کە من بەختیارو شادو دڵخوش بم
یاخود لەو خەمەی تو فەراموش بم

بەڵکو وەکو تو پرسەو شینمە
ئیستا ناخوشتر کاتی ژینمە

کەتو رەش پوشیت منیش شین پوشم
وینەی تو خەمو سزا ئەنوشم



بەلام گیانەکەم بەس نییە کە تۆ
وەك من بەند ناکەی ئیشو ئوفو سۆ

پیش ناخویتەوەو تلاوتل ناکەی
ئەتوانیت کە خوت لە سو رەهاکەی

چونکە پرسەکەر دڵ نەوات ئەکات
خەمت سووك ئەکا •• دڵخوشیت ئەدات

بەلام گیانەکەم منی دڵ پر زام
کەس پیم نازانیو کەس نایەتەلام

جا لەبەر ئەوە زۆر زیاتر لە تۆ
بەشی من بۆتە ئەشکەنجە ئەمرۆ

کەرکووك — ١٩٦٠/٦/٨

# ـ بى وەفاييت كرد !..

ئـەو كارەى كـەوا تو بـە منت كـرد
وەهـا بەجـارى كـە لـەناومت برد

با ، بـە دەوارى دومى نـەكـردوە
دوژمـن بـەدژى خوى نـەنواندوە

يەجگـارى بـەردى بى وەفايى تـو
كـەوا هـاويشتت بى باكـانە بـو

ئـەو كوشـكە شووشە جوانەى كەوا
دروستمان كردبوو بو مـەلى هيـوا

شكاندت هەمووت هەپروون هەپروون كرد
پارچەى گەورەت كـرد بـە رزالى وورد

مەلە جوانە كەى « ئاوات » يشمت كوشت
نازانـم داخى چى‌بوو پيمت رشـت ؟!

خو لاى خوى ئيمـە هـەردوو پيـكەوە
بـەئيش‌و سـزاو بــە فرميسـكەوە

ئا ئـەو كوشكەمان بـەو هەزار حالە
بـەو هەموو رەنجو بـەو ژينـە تالە

تا دروستمان كرد پسايين هـەردووكمان
بو گـولى ژين‌و مـەلى ئاواتـمان



كـەچى نازانـم سـپلەى بى‌ويـژدان
هەى بى بەزەيى ، دل رەق ، نا ئينسان

تو بـە سەعاتى رەنجت داين بـەبا
بوچى وەهات كرد ، بوچى ؟.. بى وەفا

من چيم كردبوو هـەناومت پچران ؟
وا مـەلى جوانى ئاواتمت مـران ؟

وا كوشكى هيواو ژينت رووخانم ؟
خونچـەى ئاواتت هـەلپرووسقانم ؟

بەلام بى‌وەفا ئيستاكـەش من هـەر
دلـم نايهينى پيـت بليـم بى‌فـەر

ئەوەم لـەدەست دى بليم بى پەيمان
قەت ئازاد نـەبى وەك منت فەوتان

هيچ كـات لـەژيان نەحـەوى‌تـەوە
وەك من قـەت دلت نەحـەسيتەوە

بەغدا ــ ١٩٦٠/٦/٢٢

سروود

# بانگی راستی

> [illegible]ش کەشە بـ[illegible]و هونەرمەندە
> دلسوزەی ئاوازی بودا ئەنی ••

کوردستان • • • •
کوردستان • • • •

ئەم بانگە لـە گویما ئەزرنگیتەوە
دەردی نەتەوەکـەم بیر یەنیتەوە
توزی خافل‌بم دل پیم ئـەلیتەوە

« • • کوردستانی بەشـکراو
نیشتمانتـە هـەی دامـاو
بوی تیکوشـە هـەمیشە
لەبیرت نەچیتەوە • • • کوردستان »

* * *

ئـەی دایکی دیرینی کوردی قارەمـان
شوینی شورشـەکانی دەرسیمو بەرزان
مەلبەندی شـیرانی ئازادی خوازان

« ئیمـەی رولـەت تادوایی
بەختـەبین بـە تیکـرایی
تاکو یـەك ئـەگریتـەوە • •
ساریژ بی زامەکانمان ••• کوردستان»



رەورەوەی ژیانی گـەلانی جیهـان
بو پیشەوە ئەروات ، ئەروا بی ووچان .
هەروەهـا کاروانی کوردیش بەتەکـان

« بـەرەو پیشەوە ئـەروات
تا بـەکـاروانان ئـەگـات
ئیسپاتی کـا کـە کوردیش
میللەتیکە قارەمان •••• کوردستان »

سلیمانی — ١٩٥٩/٢/٢٩

کاکی جووتیار ، ئەی داس بە دەست ، ئەی تێکۆشەر
ئەی چەوساوەی دەستی ئاغای شوومی بێ‌فەر
ئەی کڵۆڵی کۆیلەی هەژاری ژین چەمەر
هەستە ئەمرو ئەوا نۆرەی ژینی نوێتە
دەری برە ئەو زووخاوەی کەوا پێتە

سلیمانی – ١٩٥٩/٥/٨



# سروودو گورانی

لەسەر داوا کردنی گەلی لە خوێندەوارانی خوشەویست ئەو هەلبەستانەی بە تایبەتی بو سروودو گورانی دانراونو بلاو کراونەتەوە ، وا بە جیا لە کوتایی ئەم دیوانەدا پیش‌کەشتانی ئەکەین .



# چواردەی تەمووز *

ئاوازو ووتنی :

**جەمال جەلالو خوشکە پەروین**

کچ و کور : چواردەی تەمووزە یادمان
روژی سەربەستو شادمان
یادی روژی ئازادمان

***

کور : ئەمرو ئازادین هەموو
زولمو زورداری لاچوو
خوشکانی ئازا وەرن
لەگەل ئیمە دەست گرن

کچ : برام ئیمەیش لەگەلتان
پیش مەرگەین بە روح و گیان

***

کور : مژدەبی خوشکی نازدار
فەوتا کلکی ئیستیعمار

دەستت بینە با هەستین
چونکە ئەمرو سەربەستین

کچ : بژی ئازادی خوازان
بو بەرزیتی نیشتمان



کور : خوشکم لەم نیشتمانە
کە جیگەی ئەژدادمانە

کوردو عەرەب وەك برا
دەمیکە ژیاون تیا

کچ : بژی برایەتیمان
خەباتو یەکیتیمان

* * *

کور : بژی شورشی ئازاد
وا زالمی کرد بەرباد

پچراني کوتی زیندان
میللەتی خستە یەکسان

کچ : بابژی سوپای نازدار
بمری حوکمی ئیستیعمار

١٥/ تەمووز /١٩٥٨ — بەغدا

# ئەم كۆمارە

**ئاوازی : ئاسـو نوری ئەحمەد تاها**
**ووتنی : قوتابیانی هونەری مالـەوانی کچانی سلیمانی**

ئـەم كوماره شـيرينه
دەسكەوتو مايەی ژينه
ژينی ئەم گەلـە بەرزە
کە رابوردووی خوينينه

لـەباتی دارو پـەردوو
کەئەم قـەلای پی‌بەرزبوو
ئيسقانو خوينو گيانی
ئـەم ميللەتەيە هـەموو

بـەزەبری بازوو بـەتين
بەشـورشـی ئاگـرين
تەختی زورداری رووخا
ئيستاکە سەربەست ئەژين



زنجيرو کـوتی زوردار
چەوسـانەوەی ئيستيعمار
لەگـەل ياسای چەپەليان
رويشتن وەك بەفرەکەی پار

ئيستيعمار تووی بـرا
نوکـەرانی هـەلـدررا
ياسای تازەی جەمهووری
لـەجيگای ئـەو دانرا

ئيستا ميللەت سـەربەستە
بەديموکراسـی مەسـتە
ناوی سـەروك کەريمان
کردوتـە ويردو بەستە

بژی خوشەويستی گشت
کەريمی پەناگـاو پشت
کە داخی ئـەم ميللەتەی
بەزوردارانی گـەل رشت

**٧/١٢/١٩٥٩ ـ سليمانی**

# روناك

ئاوازی : رەزا عـەلی
ووتنی : جەمال جەلال

روناك توی ئاواتم
ئاواتی گشت کاتم
تامردن تەنیـا توی
لەبیرمی گشت ساتم
روناك •• روناك ••

* * *

روناك هیزی ژینـم
دەوای گشت برینم
گولی بەهاری دل
ئـاواتی دیرینـم
روناك •• روناك ••

* * *



لەوەتەی توم دیوە
دلی توم ناسـیوە
هوشم لانەماوە ••
ئەقلم گشت فریوە
روناك •• روناك ••

* * *

روناك توی مەبەستم
توی ئاواتو هەستم
دلم هاوار ئـەکات
روناك ئەتپـەرستم
روناك •• روناك ••

٢٨/٣/١٩٥٧ ـ بەغدا

به بونەی هاتنە دەرەوەی سەروك عەبدولكەریمەوە لە خەستەخانە .

# بۆ سەرۆکی خۆشەویست

**ئاوازی : ئاسو نوری ئەحمەد تاها**
**ووتنی : قوتابیانی هونەری مالەوانی کچانی سلیمانی**

ئەی سەروکی خوشەویست ، ئەی پیشەوای راپەرین
ئەی ئامرازی تی کوشان ، یەکسانکەری هەموو چین
بوویتە هوی سەربەست بژین

* * *

بەخوینو سامانو گیانو توانا تو ئەپاریزین
ئیمەی نەبەز گەلی زیاتر لە ئیستیعمار بەهیزین
خوشەویستیت تیکەلاوە بەخوینو ئیسقانی گەل
گەل فیداتە ، لەپیناوتا بەختئەبی نایەوی ژین

* * *

تو بووی کوتی دەستو قاچو ئەلقەی زنجیرت پسان
توبووی دەرگای ئاسنینی بەندیخانەت گشت شکان
توبووی مافی گەلی کوردی چەوساوەت هینایە دەست
یاسای پیسی نوکەرانی ئیمپریالیزمت دران

* * *

توبووی پەیمانی گلاوی بەغدات خستە گورەوە
توبووی میللەتت دەرهینا لەژیر زولمو زورەوە
لەباوەری ئەیزنهاوەر لەپەیمانی ئەستەرلینی
ئەمووڵاتەت وارزگار کرد بەرووتو بەبورەوە

**سلیمانی ــ ١٩٥٩/١٠/٢٥**



# گرفتارم

بە بینینت گرفتار بووم     هەریەکەمجار ، کە من تۆم دیی
بە تیری تو بریندار بووم     هوشم جوانییەکەی تو بردی

گرفتارم .. بریندارم .. بیئارامم
بەلام چونکە بیئاگای لیم دل ناکامم

* * *

گیانە نابی یەکی جوان بی     ئەوەندە گرژو دلرەق بی
نابی پیشەی دل شکان بی     بی بەزەییو کەللە شەق بی

چونکە جاری دوعای شیتی گیرائەبی
گلولەکەت بەرەو سەرەو لیژی ئەچی

* * *

جا ئەترسم دلی کەیلم     لەتاوی خوی هەلە بکا
دەرچی لە ئارەزوو و مەیلم     دوعا بکا .. گویم پی نەدا

بویە ئەلیم ئیتر بەسە دەستت بینە
لەوە زیاتر دلی شیتم مەیەشینە

بەغدا ــ ١٩٥٩/٩/٣

---

★ کاك محمد صالح دزەیی گورانی بیژ لە ئیستگەی کوردی ئەیلیت .

# من وتو

ئاوازی : ئەحمەد خەلیل
ووتنی : جەمال جـەلال

منو تـو ، منو تـو    ئەی کچە کوردی جوان
قـوچو قـوربانـین بـو    خـەبـاتو تیکوشـــان
ئەی پـەری کوردستان

* * *

هـەر ئەژین ، هـەر ئەژین    تاکـوتایی جیهـــــان
ئیمـەی کورد بەختـەبین    گشت لەری‌ی کوردستان
ئەی پـەری کوردستان

* * *

ئیمەی کورد ، ئیمەی کورد    تاکـو سـەربەست ئەبین
هـەر وەکو مادی گورد    بـی‌ووچـان ناسـرەوین
ئەی پـەری کوردستان

٢١/ مارت /١٩٦٠ ـ بەغدا



## چاپکراوەکانی دانـەر

١ ـ گولزاری کوردستان ..... دیوانی یەکەم /١٩٥٨
ـ لە پیناوی دادپەروەریا ..... سالی /١٩٥٩
ـ میژووی جوولانەوەی ماموستایانی پولەندە ... سالی /١٩٥٩
کلپەی دەروون .... دیوانی دووهەم /١٩٦٠

## چاوەروانی ئەمانەش بن

١ ـ ئەشكەنجەی خوشەویستی ··· چیروكیكی كومەلایەتی‌یە
٢ ـ یاسای قازیتی ·········· چیروكیكی شانویی‌یە ·
٣ ـ عسیمەتی كچی قازی محمد ··· چیروكیكی شانویی‌یە ·
٤ ـ ماجـدولـین ·········· چیروكیكی وەرگیراوە
٥ ـ شورشی دیاربەكر ·····
٦ ـ خەباتی ئافرەتانی كوردستان ···
٧ ـ ( · · · · · ) ······ دیوانی سی‌هەم



# پێ رست


| لاپـەرە | ناوی هەلبەستەكان |
| --- | --- |
| ١ | بەستەی هەمیشەم |
| ٢ | ئامرن |
| ٧ | ئوخەی نیشتمان |
| ١٠ | یادی كیژولەیەك |
| ١٣ | پەیمانی درو |
| ١٥ | پر بە دل |
| ١٧ | بەستەی هەستم |
| ١٨ | هیزی جووتیار |
| ٢٠ | وەكو من بە |
| ٢١ | سوزی كوردستان |
| ٢٤ | سوین ئەخوم |
| ٢٦ | یادی یەكی ئایار |
| ٢٨ | تا دوا هەناسەم |
| ٢٩ | هەڤالەكەم |
| ٣٣ | شیرین |
| ٣٤ | روژیك ئەبی |
| ٣٥ | بەرەو سەربەستی |
| ٣٧ | جووتیار |
| ٤١ | كچە لادی‌یی |
| ٤٤ | ئەتپەرستم |

| ناوی هەلبەستەکان | لاپـەرە |
| --- | --- |
| نەوروز | ٤٥ |
| دلداری راست | ٤٦ |
| زورت بیرئەکەم | ٤٧ |
| یادی نەوروز | ٤٨ |
| ئیمەو ئەو | ٥٤ |
| هەر منو شیرین ؟!.. | ٥٥ |
| بەرەو رزگاری | ٥٦ |
| پەریشانم | ٥٨ |
| مەینەتی دل | ٥٩ |
| هاوبەشی خەمتم | ٦٠ |
| بی وەفاییت کرد | ٦٢ |
| بانگی راستی | ٦٤ |
| ( سروودو گورانی ) | ٦٧ |
| چواردەی تەمووز | ٦٨ |
| ئەم کومارە | ٧٠ |
| روناك | ٧٢ |
| بو سەروکی خوشەویست | ٧٤ |
| گرفتارم | ٧٥ |
| منو تو | ٧٦ |
| .... | وەچەن کورتە هەلبەستیك |

له بلاوکراوەکانی نامەخانەی ــ النهضــه ــ بەغدا

نرخی ( ١٠٠ ) فلسە

چاپخانەی بەرق ــ بە